خوێندنەوە

سـەڵاح حەسـەن پاڵـەوان

# "بیابان"ی جین ماری گۆستاف لەکلیزیۆ




بۆ دەمەوێ باسی جین ماری گۆستاف لەکلیزیۆ بکەم؟ بێگومان لەبەرئەوە نا کە خەڵاتی نۆبڵی وەرگرتووە؟ نەخێر ئەمە تەنیا هۆیەک نییە، راستە ئەم نووسەرە وەک کەسێک پاش بەدەستهێنانی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەب زێدەتر ناو و ناوبانگی دەرکرد، بەڵام هەندێ تایبەتمەندی لە نووسینەکانی ئەم نووسەرە هەن کە لای نووسەرە فەڕەنسییەکانی تر دەگمەن بەدی دەکرێ، کەسێک کە نووسین و رۆمانەکانی لەکلیزیۆ دەخوێنێتەوە لە پشتەوەی نووسینەکانی دنیاییەک لە تێکەڵبوون و نهێنی دەبینێ، تێکەڵبوونی نێوان کولتوورەکان، کلتووری ئەورووپی، ئەفریقی، ئەمەریکایی لاتینی، بوودی، ئیسلام،




مەسیحی، ئەم کابرایە کەسێکی "مۆڵەتی کولتووره" واتە فرەکولتوورییە، تەنیا پڕوپاگەندەیەکی ئەدەبی و سیاسی نییە، بگرە لە بواری ئیسلامناسی و ئەفریقیاناسی و شارەزابوونی ئەدەبی دنیادا ئەم راستییەی سەلماندووە، لە زۆربەی ئەو ٣٠ کتێبەی کە بڵاوی کردوونەتەوە، تێبینی ئەم دیاردانە دەکرێ، پاشان یاخیبوونی ئەم نووسەره لە لووتبەرزی رۆژئاوا وای لێ کردووە، کە قووڵبوونەوەیەکی بێ وێنەی بۆ نێوی زۆربەی هونەر و ئەدەبە گرینگەکانی دنیادا هەبێت، **سیازدەمین نووسەری فەرەنساییە کە خەڵاتی نۆبڵیی پێ دەبەخشرێ،** ئەم خەڵاتە بۆیە درا بەم نووسەره لەبەرئەوەی وردبوونەوەیەکی قووڵی هەیە بەنێو کولتوورەکانی دەرەوەی فەرەنسا «لەکلیزیۆ ساڵی ١٩٤٠ لە نیس لە دایک بووە، لە باوکێکی بە بنەچە مۆریتانی بریتۆنی و دایکێکی فەرەنسایی، ژیانی دابەش کردووە لە نێوان فەرەنسا و مەکسیکۆ و مەغریب... هەروەها لە تایلەند و پەنەما و بەریتانیا و مۆریتانیاش ماوەتەوە ...». یەکێک لە هۆکارەکانی بەخشینی خەڵاتی نۆبڵ بەم نووسەره دەگەڕێتەوە بۆ رۆمانی "بیابان"، ئەم رۆمانە تیشک دەخاتە سەر یەکێک لە ناوچەکانی باشووری مەغریب و بەشەکانی سەر سنووری مۆریتانیا، رووداوەکانی ئەم رۆمانە گێڕانەوەی وردەکارییەکانی ژیانی بیاباننشینان و شێوەی ململانێکردنیانە لەگەڵ گەرما و لم و گەشتەکانیاندا، زۆربەی رووداوەکان باس لە شێوەی وردبوونەوە لە مەسەلە گرینگەکانی ژیان دەکەن، لە دنیای راستەقینەی لمەکانەوە باس لە زیندەوەرانی نێو لم دەکەن، لە چەند دێڕێکی پێشەکی رۆمانەکەدا دەڵێ: «ئەم دنیایە دنیایی راستەقینەی ئەوان بوو، ئەم لمانە، ئەم بەردانە، ئەم ئاسمان و هەتاو و بێدەنگی و دەردانە دنیای راستەقینەی ئەوان بوون، نەک شارە زیوینی و سیمانییەکان...» . لێرەدا دەمەوێ بێ هیچ درێژدادڕییەک لەم رۆمانە ورد ببمەوە.






## بەشی یەکەم
## ساقیەی حەمرا، زستانی ١٩٠٩ تا ١٩١٠

مائولعەینەین، کەسایەتییەکی ئاینییە، لە ناوەڕاستی بیابانی باشووری مەغریب، شێوەیەک لە زیکر و دایرە بەرپا دەکات، هەرچی کۆچبەرەکانە لە ناوچە جیاوازەکانەوە روو دەکەنە ئەم ناوچەیە، لەو بیابانەدا تەحەمولی برسێتی و تینوێتی و گەرما و گەردەلوول و سەرمای شەو دەکەن، تا بگەنە ئەو شوێنەی کە پەرستگەی پیاوی پیرۆزی لێیە، لەوێدا بازنەیەکی زیکر دادەمەزرێ، لەم سەرەتاییەدا بەو ریتمە ئاشنا دەبین کە نووسەر دەیەوێ لەوێوە بچێتە نێو دنیای سۆفیگەریی بیابان نشینانەوە، ئەم رووداوە لە چاوی نوورەوە دەبینێ کاتێک بە مەبەستی بینینی شێخ خۆی دەگەیەنێتە بەردەمی مائولعەینەین، تا ئەو رووخسارە لە نزیکەوە ببینێ و داوای نزا و مەرحەمەتی لێ بکات:

«نوور دەیویست مائولعەینەین ببینێ، بە نێو ئاپۆڕەکەدا تێ پەڕی و خەڵکی لە خۆ دوور دەخستەوە و دەکۆشا لەوێدا لای ئەو پیاوانە ئەو ببینێ کە سەرقاڵی زیکر بوون، بەڵام شێخ لەوێ نەبوو. پاشان نوور بەرەو دەروازەکە رۆیشت، هەر لە هەمان ئەو دەروازەی کە شەوی پێشوو لەوێدا کۆبوونەوەکەی بەجێ هێشتبوو، چووە نێو شارەکە، دیوار و خانووەکەی شێخ لە ژێر رووناکی هەتاوادا دەدرەوشایەوە. لە دەوروبەریماڵەکە و لەسەر دیوارە سپییەکە وێنەی سەیر و سەمەرە بە خۆڵە سوورە کێشرابوون. ماوەیەکی دوور و درێژ نوور تەماشای ئەو وێنانەی کرد، تەماشای ئەو دیوارانەی کرد کە با خواردبوونی. پاشان رووی کردە نێوەندی مەیانەکە، زەوی لە ژێر پێیدا وەک بەردی بیابان سفت و گەرم بوو. لێرەدا لەم حەوشە چۆڵەدا دەنگی نەیەکان کپ بوون، هەروەک بڵێی نوور لەوپەڕی دنیایە. هەر ئەو کاتەی ئەو مێردمنداڵە بەرەو نێوەندی مەیدانەکە دەڕۆیشت، هەموو شتێک رووی لە فراوانی دەکرد. لە تەوقی سەریەوە هەستی بە لێدانی دڵی دەکرد، هەروەک بڵێی لێدانی دڵی لە ژێر زەوی ژێر پێی دەنگ دەداتەوە.

نوور گەیشتە پاڵ دیوارێکی گڵ، ئەو جێگەیەی پیرەمێرد بۆ نوێژ چۆکی لێ دادابوو لەسەر زەوییەکە راکشاو، رووی کردە سەر زەوی و بێ جووڵە بێ ئەوەی بیر لە هیچ شتێکی تر بکاتەوە. دەستەکانی وا لە زەوییەکە توند کردبوو وەک ئەوەی بە دیوارێکی بەردینی زۆر




بڵندەوە خۆی هەڵواسیبێ، تامی خاک و خۆڵ و گەرد و غوبار، دەم و رووخسار و ناوچەوانی پڕکردبوو.

پاش ماوەیەکی زۆر وێرای سەر بەرز کاتەوە ، ریشی سپی شێخی بینی.

مائولعەینەین لێی پرسی «چی دەکەی لێرە؟»، دەنگی گەلەک سازگار و دوور بوو، وەک بڵێی لەوپەڕی مەیانەکەوە بەرز بێتەوە.

نوور ئیستێکی کرد، لەسەر ئەژنۆی دانیشت، بەڵام هەروا سەری شۆڕ کردبووەوە، لەبەرئەوەی جورئەتی بینینی شێخی نەدەکرد.

پیرەمێرد دووبارەی کردەوە: «چی دەکەی لێرە؟»

نوور گوتی: «من... دوعا دەخوێنم ،» و گوتی: «دەمویست دوعا بخوێنم.»

شێخ بە زەردەخەنەوە گوتی:

«ئایا دەتوانی دوعا بخوێنی؟»

نوور تەنیا گوتی: «نەخێر،» و دەستی پیاوە بە تەمەنەکەی گرت

«تکات لێ دەکەم، رەحمەتی خۆتم پێ ببەخشە.»

مائولعەینەین دەستی بەسەر نووردا هێنا و پاشان بە نەرمی نەوازشی سەری نووری کرد.

پاشان کورە هەستایە سەرپێ و ماچی کرد.

ئەمە سەرەتایەکە بۆ گرینگێتی ئەو پیاوە و مەزنێتی و کاریگەریی لە سەرەتای رووداوی نێو رۆمانەکە. بەرزبوونەوەی نرکەی زیکر و نزا و پاڕانەوەی بیابانشینان لەو دەڤەرەوە رووکردنە ئەو شوێنە پیرۆزە، هەر هەمووی بە دەوری مائولعەینەیندا چەقیان بەستبوو، هەروەک چۆن لە سەرەتای بەشی یەکەم ئاشنا دەبین بە نێوی شێخ و پیاوانی تەریقەی قادری و بزووتنەوەی سۆفیگەریی لە بیابانی رۆژئاوای عەرەبیدا و پێوەستبوونی ئەوان بە بزووتنەوەی زیکر و پاڕانەوە.

ئەوەی تێبینی دەکرێ تەنیا مەسەلەکە رووکردنە ئەو ناوچەیە نییە لە پێناو خواپەرستی بگرە مەسەلەکە پێوەستە بە شێوەی وێنەکێشانی ئەو شەپۆلە مرۆڤەی کە بەسەر لمدا دەڕۆن و لە ژێر گەرمای کوشندەدا مومارەسەی هەژاری و بڕوا نەگبەتییەکانیان دەکەن، لە




بازنەیەکی داخراودا. مەرگی ئەو هەموو ژن و منداڵ و پەککەوتانە و وێنەی ئەو شێوە پێوەندییەش سەرەتایەکە بەرەو خۆشبەختیمان دەبات.

## خۆشبەختی

ڕێڕەوی ڕۆمانەکە لێرەدا ڕوو لە سەرچاوەیەک و کەسێتییەکی تر دەکا، بەڵام هەر لە هەمان کەشوهەوادا دەمێنێتەوە، کەشوهەوای باشووری مەغریب، ئەو ڕێڕەوانەی کاروان و کاروانسەرا و کاروانچییەکانی لێیە، ئەو ناوچانەی"ی کیژۆڵە دەبین، "لالا"ی تەنیا بە نێو ئەو دەشت و بیابانەدا ئاشنای هەموو کون و کەلەبەرێکە، هەرچی مێروو دەعجانی و پەپوولە و پەلەوەر هەیە دەیانناسێتەوە، ئاگەداری هەموو ئەو بەسەرهاتانەیە کە لەوێ ڕوو دەدەن، هەر لە مەسەلەی شێخە شینەوە تا مەسەلەی کاروانسەراکان، «"لالا" ئارام بەسەر ڕێگەکانا دەڕوا جار جار رادەوەستێ، لەسەر زەوی تەماشای شتێک دەکا»، «"لالا" تەواوی ڕێگاکان دەناسێ، زۆر بە ئارامی بە ڕێگەدا دەڕوا و زۆر بە دیقەتەوە دەڕوانێتە لم باران، ئەو لم بارانەی کە کەمێک ئازاری چاوەکانی دەدا، "لالا" تا گەیشتنی هەتاو بە باڵای ئاسمان، لە ژێر سێبەری دار کاجێکا دەمێنێتەوە، پاشان بە پەلە بەرەو شار دەگەڕێتەوە. لەسەر لمەکەدا شوێنپێیەکانی خۆی دەناسێتەوە. شوێنپێکانی لە چاو پێیەکانی بچووکتر و باریکتر دێنە پێش چاو. بەڵام "لالا" دەگەڕێتەوە لەبەرئەوەی دڵنیایە کە شوێن پێی خۆیەتی.» ئاشنایی "لالا" بە مار و مێروو و درەخت و دەعجانییەکان لە چەندین بەشی ڕۆمانەکەدا هاتووە، کە باس لە توانای "لالا" دەکەن بۆ ناسینەوەی مار و مێرووەکان : «تەنانەت مارمێلکی سەوز و خۆڵەمیشیش هەن، ئەو مارمێلکانە بەرەو سەر گردۆڵکە لمییەکان دەخزێن، بەسەریان زەربەی خێرا لێ دەدەن تا خێراتر بڕۆن، هەندێ جار"لالا" دەتوانێ یەکێ لەو مارمێلکانە بگرێ، پێی خۆش بوو لە کلکەوە بیانگرێ تا ئەو کاتەی کلکیان لێ دەبووەوە،»، «بەڵام لەبارەی مێش و مەگەزەوە ، کەیفخۆشی پێ دەهاتن، بە هۆی دەنگ و وزەوزی چزووەکانیان» هەر لەمەڕ پێوەندیی نێوان بوونەوەرەکانی بیابان و پێوەندییان لەگەڵ "لالا"دا کە لە زۆر جێگەی تر ناوی مێروو و گیاندارانی سەیرمان گوێ لێ دەبێ هەر لە زەردەزێڕەوە تا کوللە و مێش و مەگەز و هەموو ئەو گیاندارانەی هەوڵی دۆزینەوەی پێوەندی دەدەن لەگەڵ مرۆڤدا.

لێرەدا بەم وردەکارییەی نووسەر دەربارەی "لالا" لە ڕێگەی ئەوەوە ئەو چیرۆکەمان بۆ




دەگێڕێتەوە کە لەم ناوچەیەدا هەن، چیرۆکی بوونی ئەو هەموو رووەک و وشکایی و مێژووەی لەوێدا هەن، تۆپۆگرافی و بیۆلۆجی سروشتمان لە چاوی "لالا"وە بۆ دەگێڕێتەوە، جووڵەی ئاژەڵ و ژیانی وردە بوونەوەرەکان و پێوەندییەکانی نێوان ژیان و سەرسەختی لە پێدەشتێکی وشک و برینگا، رەنگاو رەنگکردنی تابلۆیەک کە رەنگەکانی ژیانی ئەو هەموو مرۆڤەن کە بەسەر لمدا دەخزێن، لە پاش ئەم هەموو وێنانە ئاشنا دەبین بە کەسایەتیی "نوعمان"، نوعمانی پێوەست لە نێوان لم و دەریا،» «نوعمان باسی دۆلفینەکانی» بۆ "لالا" دەگێڕێتەوە، چیرۆکە سەیروسەمەرەکانی دەریای بۆ باس دەکات «نوعمان زۆر حەزی دەکرد بەسەرهاتی دۆلفینەکان بۆ "لالا" بگێڕێتەوە، کاتێ نوعمان قسەی دەکرد لە چاوەکانییەوە رووناکی دەریا توندتر دەدرەوشایەوە، وەک ئەوەی "لالا" بتوانێ لە پشتی رەنگی لینزی چاوەکانیا گیانلەبەرە رەشەکان ببینێ ...» «نوعمان پێناسەی دۆلفینێکی بۆ دەکرد کە کەشتی ماسیگرێکی تا کەنار دەریا رێنوێنی کردووە، ئەو کەشتییە رۆژێکیان لە دەریایەکی تۆفاناویدا ون دەبێت، هەور وەک چادر هەوارگەی بەسەریا هەڵدابوو، دەریا و رەشەبای دەریا دیرەکی کەشتییەکەی شکاندبوو. تۆفانەکە کەشتی ماسیگرەکەی زۆر دوور خستبووەوە، ئەوەندە دوور کە ئیتر نەیزانیبوو کەنار دەریا لە کوێیە. کەشتییەکە دوو رۆژ لە نێو تۆفانەکە سەرگەردان بووبوو، نقومبوون هەڕەشەی لێ دەکرد، وای بۆچوو ئیتر کار لە کار ترازاوە، نزا و تکای دەکرد و لە خوا دەپاڕایەوە هەر لەو کاتەدا لەپڕ دۆلفینێ لە نێو دەریاکەوە دەرکەوت. ئەملا و ئەولای کەشتییەکە سەردەکەوت و دادەکەوت، بە پێی عادەت دۆلفینەکان لە نێو شەپۆلەکانا گەمەیان دەکرد، یەکێک لە دۆلفینەکان تەنیا بوو، رێنوێنی کەشتییەکەی کرد تا ئەو کاتەی گەیشتە کەناری دەریا. جێی بڕوا نەبوو، بەڵام ئەمە رووی دابوو، لە پشتەوەی کەشتییەکە مەلەی کردبوو بە شەپۆڵەکانی کەشتییەکەی بەرەو پێش رانیبوو، جارجارێ دۆلفینەکە دەڕۆیشت و لە نێو شەپۆڵەکانا ون دەبوو، ماسیگرەکە وای دەزانی رۆیشتووە و بەجێی هێشتووە، بەڵام جارێکی تر دۆلفینەکە دەگەڕایەوە و دووبارە کەشتییەکەی بەرەو پێش پاڵ دەدا، بە کلکێکی سەخت بە دەریاکەی دەکێشا، بەمجۆرە یەک رۆژی تەواو کەشتیرانی کردبوو، شەویش لە سایەی ئەو رووناکییانە دەڕۆیشت کە برووسکەکانی لە ئەنجامی پارچە پارچەکردنی هەورەکان دروست دەبوون. سەرەنجام




ماسیگر چاوی بە رووناکی کەنارەکان کەوت و لە خۆشییان هاواری لێ بەرز بووبووەوە دەستی بە گریان کردبوو، لەبەرئەوەی دەیزانی کە رزگاری بووە. کاتێ کەشتییەکە گەیشتە کەناری دەریا دۆلفینەکە بەرەو دەریا گەڕایەوە و ماسیگریش بەرەو ئەو رووناکییە رۆیشت کە لە پشتی تەپۆڵکە رەشەکەوە دەدرەوشایەوە.»

ئەمە یەکێک بوو لەو چیرۆکانەی کە نوعمان بۆ "لالا"ی گێڕایەوە، "لالا" زۆر بەم چیرۆکە خۆشحاڵ بوو، جگە لەم چیرۆکەش مامی رووداوی لەدایکبوونەکەی خۆی بۆ گێڕایەوە، لەدایکبوونی لە ژێر درەختێکا و بە تاق و تەنیا و تەنانەت پارچە پەڕۆیەکیش نەبوو تا مەلۆتکەیی خۆی تێدا بەسەر بەرێ، «کاتێ ژنان لە خەو هەستان بینییان دایکت لەوێ نییە، هەموویان تێگەیشتن کە بۆچی رۆیشتووە، پاشان بەدوویدا تاسەر کانییەکە رۆیشتم، کاتێ گەیشتم، لە کەناری درەختێ وەستابوو، بە درەختێکەوە خۆی هەڵواسیبوو، بە ئارامی ناڵە ناڵی دەکرد، مەبادا پیاوان و منداڵان خەبەر بکاتەوە..» بەم شێوەیە "لالا" هاتە دنیاوە، پاشان ئەوەی بە لای "لالا" وە لە هەمووان سەیرتر بەسەرهاتی ئەزرەقە "شێخی شین" ئەم کابرایە سیحری ناوچەکە بوو، وازی لە دنیا هێنابوو، بە عەسایەک و جلێکی شڕ و پێی پەتی بۆ خواپەرستی خۆی تەرخان کردبوو، ئەمیش بەتەواوی جێگەی سەرنجی "لالا" بوو، بەتایبەت، بەسەرهاتی ئەو پیاوەی دەچێتە لای و داوای لێ دەکات، کوڕە نابیناکەی چاک بکاتەوە، لە زمانی مامیەوە بەسەرهاتەکە دەبیستێ: «ئەزرەق کەسێکی پیرۆز و مەزن بوو. دەیتوانی چارەی دەردەداران بکا، تەنانەت چارەسەری ئەوانەشی کە لە دەروونەوە نەخۆش بوون، ئەوانەشی عەقڵیان لەدەست دابوو. ئەو زاتە لە هەموو جێگەیەک دەژیا لە کولبەی شوانان، لەو کەپرانەی لە دەوروبەری درەختەکانا دروست کرابوون، تەنانەت لە ئەشکەوت و دڵی کێوەکانیشا. خەڵکی لە هەموو جێگەیەک و شوێنێکەوە بۆ بینین و تەقازای یارمەتی دەهاتنە






لای. رۆژێکیان پیرەمێردێ کوڕە نابیناکەی بۆ لای شێخ هێنا و گوتی: ئەی ئەو کەسەی کە مەرحەمەتی خوات بە نسیب بووە، کوڕەکەم چاک بکە و هەرچییەکم هەیە پێتی دەبەخشم. کیسەیەک پڕ لە زێڕی نیشانی شێخ دا کە لەگەڵ خۆیا هێنابووی .

ئەزرەق پێی گوت: لێرەدا زێڕی تۆ بە کەڵکی چی دێت؟ بیابانی نیشان دا، ببینە بێ یەک دڵۆپە ئاو، وشک و برینگ. زێڕی کابرای وەرگرت و فڕێی دایە سەر زەوی، زێڕەکەش گۆڕا بۆ مار و دووپشک و بە هەموو لایەکدا بڵاوبوونەوە، پیرەمێرد لە ترسانا لەرزگرتی. ئەو کاتە ئەزرەق بە پیرەمێردی گوت: قبووڵتە لە جیاتی کوڕەکەت تۆ نابینا بی؟ پیرەمێرد لە وەڵاما گوتی: من گەلێ پیرم و چاوەکانم بە کەڵکی چی دێن؟ کارێ بکەی کوڕەکەم ببینێ خۆشحاڵ دەبم. یەکسەر کوڕە لاوەکە چاوەکانی ساغ بوونەوە و رووناکی کەوتە چاوەکانی و رووناکی چاوەکانی خواردەوە. بەڵام کاتێ زانی باوکی کوێربووە، خۆشحاڵییەکەی خۆی لە بیرچووەوە و رووی کردە شێخ و گوتی: بینایی بۆ چاوەکانی باوکم بگێڕەوە، لەبەرئەوەی خوا منی کوێر کردبوو، لە پاشان ئەزرەق بینایی بۆ هەردووکیان گەڕانەوە لەبەرئەوەی هەردووکیان دوو کەسی دڵپاک بوون، ....». لە پاڵ ئەمەش "هارتانی"ش نهێنییەکی تری "لالا" بوو، بەردەوام یارمەتی دەدا تا روو بکاتە ئەو نهێنییانەی لە سروشتدان، ئەوەندە لەوەوە نزیک بوو تەنانەت بە چاوی ئەو کوڕە دنیای دەبینی و بە پێستی ئەویش هەستی دەکرد، هەمیشە لە پێدەشت و دەرەکانا بوو، بەدەگمەن رووی دەکردە شار، لە هەموو منداڵێ دەترسا،"هارتانی" لەوانی تر جیاواز بوو هەمیشە بەرەو باشوور ملی دەنا، ئەو جێگەیەی کە راگوزەری رەشماڵنشینان بوو، ئەم بە زمانی گیانلەبەران ئاشنا بوو، بێ ئەوەی هیچ دەستدرێژییەک بکاتە سەر گیانلەبەران دەیتوانی بێ سڵەمینەوە بە زمانی ئەوان بانگیان بکات و بە زمانی ئەوان لەگەڵیان بدوێ، "هارتانی" شوان بوو شوانێکی وردبین، وەک هەموو لەدایکبووانی بیابان نهێنیی بیابانی لە پشتەوە بوو، بەهای ئەو نهێنییەی دەزانی، ئەوەیان تەنیا لە چیرۆکی ئەو حوشترلەوانەدا دەبینرێتەوە کە « رۆژێکیان، ماوەیەکی زۆر پێش ئێستا، کابرایەکی حوشترسوار دێت و هەروەک جەنگاوەرانی بیابان جلێکی گەورەی شینی ئاسمانی لەبەرە و سیماشی بە دەسماڵێکی رەنگ شین داپۆشیبوو. بۆ ئاودانی حوشترەکەی لای چەمێ رادەوستێ و




خۆشی تێر ئاو دەخواتەوە. "ئاسمیم" هاوسەری بزنلەوان ئەو دەبینێ ئەو کاتەی دەیەوێ بچێتە سەر چەمەکە و ئاو بێنێ، چاوەڕوان دەبێ تا حوشترسوارەکە تێر ئاو دەبێ ، کاتێ سوار دەبێ و دەڕوا پاش خۆی لە نێو بوخچەیەکی رەنگ شینا مەلۆتکەیەک بەجێ دێڵێ. کاتێ کەس ئەو منداڵەی ناوێ یاسمین هەڵی دەگرێتەوە. ئەو منداڵەی گەورە کرد و لە نێو خێزانەکەیدا هێشتییەوە هەروەک کوڕی راستەقینەی خۆی، ئەو منداڵەش ئەم "هارتانی"یە بوو، ناوەکەشی بۆیە ئەم ناوەیە چون پێستی بۆ رەشی دەچێتەوە سەر کۆیلەکانی باشوور.» بەمجۆرە "لالا" لە نێوان شێخ و دەریا و سیحر و بڕوادا نهێنییەکی هەبوو، لەگەڵ ئەو نهێنییەدا گەورە بوو.

نووسەر پەرەگرافێکی زۆری بۆ بەسەرهاتی "لالا" و ژیانی رۆژانەی ئەو تەرخان کردووە، نەک ئەمەش بڕێکی زۆری پێوەندییەکان لەو قاڵبە دەردەچن کە تەنیا گێڕانەوە بن، بەڵکو لە چاوی "لالا" وە ئاشنایی ئەو پێوەندییانە دەبینێ کە مرۆڤ و سروشت پێکەوە دەبەستێتەوە، "لالا" دەبێتە بەشێک لەو هەموو بەسەرهاتانەی بەردەوام لەو دەڤەرەدا روو دەدەن، بەردەوام نووسەر پێوەندیی نێوان "هارتی" و نهێنییەکانی ئەو ناوچەیەمان بۆ دەردەخات، لە بەشەکانی تردا "هارتی" زیاتر نهێنی ژێر زەوی و ئەشکەوت و زەوی و مێژووەکەیمان بۆ دەگێڕێتەوە، هەرچەندە هەمووان "هارتی" بەوە تاوانبار دەکەن گوایە شێتە و روحی شەیتانی لە ناخدایە و دوورەپەرێزە، بەڵام لە راستیدا ئەو لە هەمووان دەترسێ و ئەوانەشی ئەو ناو و ناتۆرەیان لێ ناوە ئەسڵ و ئەساسی نییە، ئەو کەسێکە لە هەموو شتێک دەگات، ئاگای لە هەموو نهێنییەکانی ژیانە، لە بەشە یەک بەدوای یەکەکانی ئەو رۆمانەدا نووسەر سادەیی کەسێکی پاراو و سادەیی مرۆڤ جارناجاری دەکەوێتە پێوەندی لەگەڵ دەرەوەی سنووری خۆی و "لالا".

هەستەکان و نائومێدییەکانی ئەو کاتە سەرهەڵ دەدا کاتێ لە رۆخی دەریا رادەوستێ و بیر لە ژیانی منداڵیی خۆی دەکاتەوە و سۆزی دایکی بیر دەکەوێتەوە، کچێک سۆزی دایک و باوک لە سروشتدا دەبینێتەوە، نەک ئەمەش هەوڵی ئەوە دەدا لە دەرەوەی ئەو سنوورەی خۆی شتەکانی تر بناسێتەوە.